# کۆبوونەوەی کۆنە ئەفسەرانی رژیمو ئایندەی سیاسی عیراق!

**موحسین کەریم**

ئایندەی سیاسی عێراقو مەسەلەی دەسەلاّتو ئایندەی رژیمی بەعس ئێستا لە هەموو کاتیك زیاتر بوەتە جیگای قسەو باسی کەنالەکانی راگەیاندن. ئەمریکا رۆژانە لە زمانی جۆرج دەبلیو بوشو وەزیری بەرگریو بەرپرسانی گەورەی (CIA)یەوە باسی لیدانی عیراقو خۆئامادەکردن بۆ تەواوکردنی نەخشەی لیدانەکە دەکاتو تۆنی بلیری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیای هاوپەیمانی ئەمریکاش ئیشارە بەوە دەکات کە لیدان لە عیراق پیویستی بە رەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایش نی‌یە. لەناو کۆنگریسی ئەمریکادا قسەو باس هاتۆتە سەر چۆنیەتی داگیرکردنی عێراقو روبەرو بوونەوەی هەرەشەی کیمیاوی عیراقّ!

لە ناو ئەم فەزایەدا یە کە حەفتەی رابردوو لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە لایەن ژمارەیەك لە کۆنە ئەفسەرانی سوپای عێراقەوە بە ئامادەبوونی ئەمیر حەسەن مامی مەلیك عبدالله مەلیکی ئوردون، بەسترا کە لەو کۆبوونەوەیەدا شەریف بن علی حسین لەپاشماوەی بنەمالەی مەلەکیەتی عیراق بەشداربوو، کەنالەکانی راگەیاندنی عەرەبیش بە گرنگیەوە مامەلەیان لەگەلّ ئەو کۆبوونەوەیەدا کردو، کەناڵی ئاسمانی(الجزیرە)ش دووجار چاوپیکەوتنی لەگەلّ شەریف بن علی‌دا وەکو شەخسیەتی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی جیٚنشینی صدام ساز کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا نزار خەزرەجی بەپیٚی روونکردنەوەی ئامادەبووان، بەهۆی نەبوونی پاسپۆرتەوە نەیتوانی بەشدار بێت!ئەوەی جیگای ئاماژەبۆ کردنە نوینەرانی ئەمریکاو بەریتانیا بە ئاشکرا لەم کۆبونەوەیەدا نەبینران، بەلاّم ئامادەبوونی ئەمیر حەسەنو ئیبرازکردنی شەریف بن علی لە بنەمالەی مەلیك ی پیشوی عیراق کە لە هەمان بنەمالەی هاشمیەکانی ئوردونە، لە کاتیکدا باس لەوە دەکریٚ کە ئوردون بریارە لە نەخشەی ئەمریکادا بۆ گۆرینی سیستەمی حوکم لە عیراقدا وەکو وولاّتیکی عەرەبی‌و دراوسیٚ‌ی عیراق هاوکاری ئەمریکا بکات، ئەوە دەردەخات کە سیناریۆی لیدانی ئەمریکا لە عیراق نزیکتر بوبیتەوەو ئوردونو وولاّتە عەرەبیەکانیش بیانەویٚ کە لەم کاروانە جیٚ نەمیٚنن.

گومان لەوەدا نی‌یە کە سەرجەم نەخشەی ئەمریکا بۆ ئالوگۆری رژیمی بەعس بەقەدەر سەرە دەرزی‌یەك پەیوەندی بە خواستو ئومیدەکانی خەڵکی ستەمدیدەی عیراقەوە نی‌یە کە زیاتر لە 30 ساڵە لەژیر باری ئیستبدادی وەحشیانەی ئەم رژیمەدا ژیان دەگوزەرینن‌و هەر جۆرە تروسکایی‌یەکی ئازادی‌و مافە سەرەتایی‌یەکانیان لیٚکوژینراوەتەوەو شەپۆلی کۆمەلکوژی‌یان بۆ بەری دەخەنو لەسەر دەربرینی بچوکترین نارەزایەتی لە زیندان توند دەکرینو لە سیدارە دەدرینو زمانیان دەبردریٚو .... . تاد. ئەمریکا دەیەویٚ بەعس‌و صەدامیکی جلّەوکراوو دەستەمۆی خۆی لەسەر دەسەلاّت بێت، بۆیە خەریکی پلاندارشتنە کە چۆن جەماوەر بیٚکاریگەر بکات لە هەر ئالوگۆریکی سیاسی لە عیراقدا، چۆن دەستکاری پایەکانو ئۆرگانو دەزگاکانی دەسەلاّتی ئیستبدادی‌و بیررۆکراسی نەکریٚو بە چەند تەعیدیلیکی روالەتی‌و ریاکارانە لەم دەزگایانەو لە جیگاو ریگای تاوانبارەکاندا وەکو هاتنەدی ئومیدی دەیان سالەی خەلك دەرخواردیان بدات. بەلاّم ئەم کۆبوونەوەیەی کۆمەڵیك کۆنە ئەفسەری پیشووی سوپای درندەی بەعس کە تا ئەنیشکیان وەکو نزار خەزرەجی هاوریٚیان بەخوینی خەلکی ئازادیخوازی عیراق سوورە، شتیك نی‌یە بیجگە لە عەرزکردنی کالاّی خۆیان بۆ موشتەری‌و نیشاندانی ئامادەیی خۆیانو ئاستی توانایی‌یان بۆ خزمەتکردنی نەخشەی سیاسی و

سەربازی ئەمریکا. هەلبەت ئەوەی کە ئایا ئەمریکا ئەو خزمەتەیان لی وەردەگریت بەستراوەتەوە بەوەی کە تا چ رادەیەك لە نەخشەی ئەمریکادا ئەتوانن رۆڵێك بگێرن.

بێگومان ئەو ئەگەرە سیاسیەی کە لە لایەن ئەمریکاوە بۆ جێخستنی سیاسەتی خۆی بەرامبەر رژیمی عیراق زیاتر ئیحتمالی عەمەلی بوونی هەیە ئەوەیە کە ئەمریکا پەلاماری سەربازی عیراق بداتو داگیری بکات، وە لەم ریگایەوە بواری گۆرینی رژیم یان ئالوگۆر لە دەسەلاتدا فەراهەم بکات، چونکە صدام حسینو رژیمی بەعس بە ئاسانی تەسلیمی ئەوە نابن کە دەست بەرداری دەسەلاتی سیاسی بن. بۆیە ئەم جۆرە کۆبوونەوانەی کۆنە ئەفسەرانی رژیمو عەرزکردنی خزمەتگوزارییان بۆ ئەمریکا، ناتوانێ بیجگە لە راکردن بەدوای سیبەری نەخشەکانی ئەمریکا زیاتر شتیکی دیکە بیت.

بەلام ئەوەندەی دەگەریتەوە سەر ناسیۆنالیزمی عەرەبو دەولەتە عەرەبیەکان لەپەیوەند بە هەلویستیان لە لیدانی عیراق، بە تایبەتی هیرشی زەمینی و داگیرکردنی عیراق، کە تا ئیستا رەزامەندییان نیشان نەداوە، دوای ئیسپات بوونی بێتوانایی و زەلیلییان بەرامبەر بە پشتیوانی راستەوخۆی ئەمریکا بۆ ئیسرائیلو کوشتاری خەلکی فەلەستین بە بیانوی دژایەتیکردنی تیرۆرەوە، کە بارودۆخەکە بەرەو ئەوە دەچێ بە قازانجی ئیسرائیلو بە زیانی فەلەستینیەکان یەکلایی بیتەوە، زیاتر بەو ئاقارەدا دەروات کەبە وەرگرتنی ئیمتیازیکی شکلی بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبو چارەسەریکی نیوەناچلی مەسەلەی فەلەستین، لەبەرامبەر لیدان لە عیراقدا بێدەنگ بنو تەنانەت هەول بدەن بۆ ئەوەی هەموو شتیکیان لەدەست دەرنەچێ خۆشیان لەگەڵ نەخشەکەی ئەمریکادا بگونجینن. بە تایبەتی بەهۆی ئەوەی کە هێشتا ئەورووپاو روسیا لەو بارودۆخەدا نین کە نەخشی جدیو یەکلاکەرەوەیان هەبیت لە دیاریکردنی هاوکیشە سیاسیو سەربازیەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا. بە بروای من بەشداریکردنی ئەمیر حەسەن لەم کۆبونەوەیەی ئەفسەرانی عیراقیدا گۆشەیەکە لەم هەولەی ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەولەتە عەرەبیەکان بۆ ئەوەی لەدەرەوەی نەخشی ئەواندا ئالوگۆریك لە دەسەلاتی سیاسی عیراقدا پیك نەیەت کە ببیتە مایەی کیشەو سەریەشە بۆیان.

بەلام بە نیسبەت خەلکی عیراقەوە ئەم کۆبونەوەیەو کۆبونەوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عیراقو بەندو بەستەکانیان لەگەڵ ئەمریکاو هەولەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبو ولاتە عەرەبیەکان بۆپاریزگاری کردن لە بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عیراقو پیلانو چاوبرینەکانی دەولەتانی بۆرژوازی دراوسێی عیراق لە بردنی بەشی خۆیان لەم نەخشەیەی ئەمریکادا، هەموو ئەمانە لەسەر پیشیلکردنی بەرژەوەندی وپاشەکشەکردن بە ئومیدو ئاواتو ئامانجو هەولەکانیان بۆ ئازادیو یەکسانیو رزگاربوون لە دەسەلاتی وەحشیانەی رژیمی بۆرژوا ناسیۆنالیستی بەعس دەچیتە پیشەوەو پیلانیکی هەمەلایەنەیە بۆ پیشگرتن بە هەرجۆرە ئیرادەنواندنو هاتنەمەیدانیکی سیاسی خەلکی کریکارو مەحرومی عیراق بۆ نەخشاندنی ئایندەی سیاسیو ئابورییان.